# ڕێکخستنی یاسایی بۆ بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا

پ.ی. د. رضوان شریف صالح [1] بەناز حدی صالح [2]

١ بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسیەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

٢ پارێزەر؛ سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە

هەر لەگەل هەڵهاتنی خۆری ژیانکردن لەسەر زەویدا، مرۆڤ بەردەوام لە هەوڵدا بووە بۆ پاراستنی ژیانی خۆی چونکە لە ژیانی رۆژانەیدا مەترسی گەلێک رووبەرووی دەبنەوە و زۆرجار ئەو مەترسیانە مرۆڤ ڕووبەڕووی گرفتی تەندروستی دەکەنەوە، بۆیە وەک چارەسەرێک، بیرۆکەی بیمەی تەندروستی لەگەل پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بواری یاسایی سەریهەڵداوە و زۆرێک لە ولاتانی پێشکەوتوو ڕێکخستنی یاساییان بۆ بیمەی تەندروستی کردووە و گرنگییەکی زۆریان پێداوە. لە یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ی بەرکار لە هەرێمی کوردستاندا، بە شێوەیەکی گشتی ڕێکخستن بۆ بیمە و چەند جۆرێکی بیمە کراوە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا لەئێستادا بۆشاییەکی یاسایی هەیە لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پرسی بیمەی تەندروستی تایبەت، و هیچ یاسایەکی تایبەت بوونی نیە سەبارەت بەم بابەتە و لە هیچ دەقێکی یاسای بەرکاریشدا باس نەکراوە، کەواتە بە نەبوونی یاسای تایبەتمەند، پرۆسەی بیمەی تەندروستی تایبەت ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ دەبێتەوە، چونکە ڕەنگدانەوەی گرنگی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤدا؛ لە لایەنی دەروونیەشەوە ئەو نیگەرانیە کەمدەکاتەوە، کە توشی تاکەکان دەبێت، لەوەی نەتوانن نەخۆشیەکانیان بەباشی و تێچوویەکی کەمتر چارەسەر بکەن، چونکە بەرزبوونەوەی تێچووی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی بە تایبەتی لە نەخۆشخانە تایبەتەکان و نۆرینگە پزشکییەکاندا وای کردووە بارگرانی بکەوێتە سەر شانی هاولاتیان کە نەتوانن لە شوێنی تەندروستی گونجاو و پێشکەوتوودا چارەسەری نەخۆشییەکانیان بکەن. ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بە میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری گەیشتووتە ئەو دەرئەنجامەی کە بۆشایی یاسایی هەیە سەبارەت بە ڕێکخستنی پرۆسە و گرێبەستی بیمەی تەندروستی تایبەت، ئەرک و مافەکانی لایەنەکانی گرێبەست و چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان، و داپۆشینەکان و گرتنە خۆی بیمەی تەندروستی، هەروەها چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمەی تەندروستی. لە کۆتاییشدا کۆمەڵێک پێشنیار بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی بیمەی تەندروستی کراون.

وشە سەرەکییەکان: بیمەی تەندروستی تایبەت، گرێبەستی بیمەی تەندروستی تایبەت، بیمەکار، بیمەکراو، خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان هەرێمی کوردستان.

## ١. پێشەکی

لەوکاتەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەرکەوتووە، هەوڵ دەدات بۆ پاراستنی ژیان و ماڵی خۆی و تێپەراندنی ڕۆژەکان بە سەلامەتی، بەڵام هەروەک ئاشکرایە لە ژیانیدا ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە کە لەوانەیە زیانی ماددی، جەستەیی یان دەروونی لێبکەوێتەوە. بۆ ئەوەی ڕێگە لەو مەترسیانە بگیرێت، بیرۆکەی بیمە سەریهەڵداوە و بەردەوام گەشەی کردووە لەگەل پەرەسەندنی مەترسییەکان. بیردۆزی بیمە جۆرێکە لە جۆرەکانی خۆپارێزی لە ڕووداوەکانی داهاتوو و خۆ بەدوورگرتن لە زیانی ماددی پێشبینیکراو کە بە هۆی ڕووداوەکانی داهاتوو ڕوودەدەن کە مرۆڤەکان ناتوانن ڕایانگرن یاخود بەرگەیان بگرن یاخود دیارییان بکەن، هەروەها ناتوانن دەرئەنجامەکەی دیاری بکەن. بیمەش لقی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت بە پێی جۆری ڕووداوەکان و ئەو مەترسیانەی کە پێشبینی کراون ڕوودەدەن.

بیمەی تەندروستی لقێکی گرنگە لە لقەکانی بیمە کە جۆرە یەکسانیەک دروست دەکات، چونکە بەرزبوونەوەی زۆری تێچووی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی کە پێشکەش

مجلّة پۆلیتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5 ، العدد 1 ( 2024 )
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 يناير 2024
حقوق الطبع والنشر © 2024. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

دەکرێن لە لایەن کەرتی تەندروستی تایبەت وای کردووە بارگرانی بکەوێتە سەر شانی هاولاتیان، بە تایبەتی ئەوانەی داهاتێکی دیاریکراویان هەیە، سەرەرای خراپی کەرتی تەندروستی گشتی لە هەرێمی کوردستان کە پشت دەبەستێت بە بودجەی گشتی لە دەولەت دا. بۆیە ئەم هۆکارانە وای پێویست کرد کە سەرچاوەیەکی تری داهات بدۆزرێتەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە بیمەی تەندروستی تایبەت. ئەو رۆڵە گرنگەی کە بیمەی تەندروستی هەیتی، وای کردووە زۆربەی ولاتان گرنگی زۆر بە بیمەی تەندروستی بدەن و رێکخستنی یاسایی تایبەتی بۆ بکەن. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە باس لە رێکخستنی یاسایی بۆ بیمەی تەندروستی تایبەت دەکات لە هەرێمی کوردستاندا.

1,1 گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوەکەمان خۆی دەبینێتەوە لە باس کردنی رێکخستنی یاسایی بۆ بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە پەیوەندی بە کەرتێکی خزمەتگوزاری گشتیەوە هەیە و رەنگدانەوەی گرنگی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ و لە لایەنی دەروونیشەوە ئەو نیگەرانیە کەم دەکاتەوە کە توشی تاکەکان دەبێت لەوەی لەبەر بارودۆخی خراپی ئابووریەوە نەتوانن نەخۆشیەکانیان، بە تایبەتی نەخۆشی درێژخایەنەکانیان، بە باشی چارەسەر بکەن. ئەو خزمەتگوزاریانەی کەوا بیمە پێشکێشیان دەکات کاریگەریەکانی بە شێوەیەکی تایبەت رەنگدەداتەوە لەسەر گەشەسەندنی کۆمەلایەتی و ئابووری چونکە خواستی سەلامەتی ئارەزوویەکی بنەرەتی هەموو مرۆڤێکە و گومانی تێدا نیە کە بیمە ئەم ئاسایشە بۆ بیمەکراو دابین دەکات. کەواتە پێویستە پرۆسەی بیمەی تەندروستی چالاك بکرێت لە هەرێمی کوردستان و کەم و کورتییە یاساییەکان چارەسەربکرێن بە سووود وەرگرتن لە ئەزموونی یاسای ولاتانی تر، و فراوانکردنی حوکمە یاساییەکانی پەیوەست بە بیمەی تەندروستی تایبەت لە یاسا ناوەخۆیەکاندا.

1,2 کێشەی توێژینەوە

سەرەرای گرنگی لە رادەبەدەری خزمەتگوزارییە تەندورستیەکان، هێشتا کەرتی تەندروستی زۆر کێشەی تێدایە بە تایبەت لە ولات و هەرێمە تازەگەشەسەندووەکانی وەکو هەرێمی کوردستان، ئەمەش بە هۆی دابەزینی داهات و خراپی بارودۆخی گوزەران و بوونی کەم وکورتی یاسایی و ناهۆشیاری لە لای هاولاتیان سەبارەت بە گرنگی بیمەی تەندروستی. زۆرێك لە ولاتانی جیهان رێکخستنی یاسایی گونجاویان بۆ پرۆسەی بیمەی تەندروستی کردوە لە چوارچێوەی یاسایەکی تایبەت بە ناوی یاسای بیمەی تەندروستی تایبەت یاخود لە نێو یاسای بیمە چەندین مادەیان تەرخانکردووە بە رێکخستنی بیمەی تەندروستی. سەرەرای ئەوەی یاسای شارستانی عیراقی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەی بە گرێبەستی بیمە و هەندێك جۆری بیمە کردووە و تا رادەیەك رێکخستنی بۆ کردوون، بەلام باسی بیمەی تەندروستی نەکردوە. کەواتە بە نەبوونی یاسای تایبەتمەند، پرۆسەی بیمەی تەندروستی تایبەت رووبەرووی کۆمەلێك ئاستەنگ دەبێتەوە و بۆشایی یاسایی دروست دەبێت.

1,3 پرسیاری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە،هەولێکی زانستیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاماژەپێکراو، لە رێگای وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکیەی توێژینەوە کە ئایا لە چ لایەنێکەوە بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە رێکخستنێکی یاسایی هەیە و چ حوکمێک لەخۆ بگرێت ؟

1,4 میتۆدەکانی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی و شیکاری و بەراوردکاری و مەیدانی (چاوپێکەوتن) بەکارهاتووە، بە جۆرێک میتۆدی وەسفی و شیکاری بەکارهاتووە سەبارەت بە خستنەرووی تێگەی بیمەی تەندروستی و جۆرەکانی بیمەی تەندروستی و بەلگەنامەی بیمە و لایەنەکانی پرۆسەی بیمەکردن. هەروەها توێژەر پەنای بردووتە بەر میتۆدی وەسفی و بەراوردکاری لە رێکخستنی یاسای بۆ ئەرکەکانی بیمەکار و بیمەکراوی بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا بە سوودوەرگرتن لە یاسای بیمەی فەرەنسی و یاسای بیمەی تەندروستی تایبەتی ئوسترالیا و یاسای کۆمپانیای بیمەی پەنسلڤانیا و یاسای بیمەی مەغریبی و یاسای بیمەی تونسی. هەروەها میتۆدی وەسفی و شیکاری بەکارهاتوون و سوودیش وەرگیراوە لە یاسای بیمەی ئایسلەندی بۆ بابەتی رێکخستنی یاسایی بۆ گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی تایبەت. میتۆدی شیکاری و مەیدانی بەکارهاتووە بۆ رێگاکانی پێشکەشکردنی خزمەتگەزاریە تەندروستیەکان، و لە کۆتاییدا میتۆدی شیکاری و وەسفی بەکارهاتووە بۆ رێکخستنی یاسایی بۆ هەلوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا.

لە شوێنی پێویست توێژەر دەقی یاسای چەند ولاتێکی تریشی بەکارهێناوە و هەروەها بۆچون و سەرنجی خۆی دەربریوە .

1,5 پێکهاتەی توێژینەوە

ناوەرۆکی بابەتی توێژینەوەکە وای خواستووە جگە لە بەشی یەکەم کە پێشەکییە، بەسەر چوار بەشی تردا دابەش بکرێت. لە بەشی دووەمدا ئاماژە بە تێگەی بیمەی تەندروستی کراوە. لە بەشی سێیەمدا باس لە رێکخستنی یاسایی ئەرکەکانی بیمەکار و بیمەکراوی بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا کراوە لە میانەی دوو باسدا. دواتر لە بەشی چوارەمدا رێکخستنی یاسایی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی تایبەت و رێگاکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە چوارچێوەی دوو باسدا خراونەتەروو. لە کۆتایدا، لە بەشی پێنجەمدا رێکخستنی یاسایی بۆ هەلوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا خراوەتەروو. ئینجا توێژینەوەکە بە خستنەرووی چەند دەرئەنجام و پێشکەشکردنی چەند پێشنیارێک بۆ رێکخستنی یاسایی بۆ بابەتی توێژینەوەکە کۆتایی پێهاتووە.

٢. ڕێگەی بیمەی تەندروستی

بۆ ناساندنی بیمەی تەندروستی تایبەت، ئەم بەشە دابەشی چوار باس دەکرێت. سەرەتا پێناسەی بیمەی تەندروستی دەکرێت، دواتر جۆرەکانی بیمەی تەندروستی، و ناساندنی بەڵگەنامەی بیمەی تەندروستی و پاشان لایەنەکانی پرۆسەی بیمە دەخرێنە ڕوو، بەم شێوەی خوارەوە:

٢,١. پێناسەی بیمەی تەندروستی

بیمەی تەندروستی یەکێکە لە لقەکانی بیمە و لەسەر بنەما و لەسەر بیرۆکەی بنچینەیی دابینکردنی دڵنیایی (بیمە) دامەزراوە، کە بریتییە لە دابەشکردنی بارگرانییە داراییەکانی ئەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵەیەک دەبێتەوە بەسەر هەموو ئەو ئەندامانەی کە توشی هەمان مەترسی دەبنەوە، لە چوارچێوەی هاوکاریەکی ڕێکخراو لە نێوانیاندا، لە ڕێگەی سیستەمی یاسایی و هونەری بۆ دابینکردنی دڵنیایی( أمین، ٢٠٢٠،ص ٢٣٨). دەکرێت بگووترێت بیمەی تەندروستی ئامرازێکە بۆ دانی هەموو یان بەشێک لەو تێچوونانەی بیمەکراو دەکەوێتە سەری لە چارەسەریەکان و تێچونەکانی تری تەندروستی و بەمەش بیمەکراو لەو تێچوویانە دەبەخشرێت. بیمەی تەندروستی بە لقێک لە لقەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کەوا خزمەتگوزاری پزشکی پێشکەش بە بیمەکراو دەکات بەرامبەر بەشداریکردنیان و هەروەها چاودێری پزشکی پێشکەش دەکات بە شێوەیەکی خێرا لە کاتی پێویستدا( حماد و عبداللة ، ٢٠٢١،ص ٣٠-٣١).

پێناسەی جیاواز بۆ بیمەی تەندروستی کراون لەوانەش: پێناسە کراوە بەوەی گرێبەستێکە کە کەسێک یان گرووپێک هەڵدەستن بە کڕینی داپۆشینی تەندروستی پێشوەختە بە پێدانی پارەیەک کە پێی دەگوترێت پارەی بیمە(Anita, 2008). یاخود گرێبەستێکە داوا لە بیمەکاری تەندروستی دەکات کە پارەی هەندێک یان هەموو تێچووەکانی چاودێری تەندروستی کەسەکە بدات لە بەرامبەر دانی قیستەکانی بیمە( Health Care.gov, n.d). هەروەها واش پێناسەکراوە، کەوا ئامرازێکە بۆ دانی بەشێک لە تێچوونی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی، کە بە هۆیەوە بیمەکراو لە حاڵەتی نەخۆشی پارێزراو دەبێت لە دانی تێچوونێکی زۆری چارەسەریەکان(الزبيدي، ٢٠١٩، ص ٤٧٩-٤٨٠). سەرەرای بوونی چەندین پێناسەی جیاواز بۆ بیمەی تەندروستی، بەلام ئێمە پێمان باشە بەم شێوەیە پێناسەی بیمەی تەندروستی بکرێت بەوەی دەتوانرێت بگوترێت باشترین و گشتگیرترین پێناسە لەگەل مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە دابنرێت بەوەی بیمەی تەندروستی گرێبەستێکە لە نێوان دوو لایەن: بیمەکار و بیمەکراو کە بە پێی ناوەرۆکی، داوا لە بیمەکار دەکرێت لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێک یان نەخۆشییەکی دیاریکراو لە گرێبەستدا، بەشێک یان هەموو تێچووی چاودێری تەندروستی کەسێک (بیمەکراو یان سوودمەند) لە تێچووی پزیشکی، نەشتەرگەری، دەرمانی و مانەوە لە نەخۆشخانە و ... هتد بە پێی ڕێکەوتنیان، بدات بە بیمەکراو یان لایەنی دابینکاری چاودێریەکە، لە بەرامبەر برە پارەیەکی دیاریکراو کە بیمەکراو لە چەند کاتێکی دیاریکراودا دەیدات، جا مانگانە، وەرزی یان ساڵانە بێت کە پێی دەگووترێت (پارەی بیمە).

٢,١,١ جۆرەکانی بیمەی تەندروستی

جۆرەکانی بیمەی تەندروستی بە پێی جۆر و سروشتی سیستەمی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی دەوڵەت و توانا ئابوریەکەی بۆ کەرتی تەندروستی دەگۆرن، بۆیە چەندین دابەشکردنی جیاواز بۆ جۆرەکانی بیمەی تەندروستی هەن،، بەلام ئەو دابەشکردنەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی وەرگرتووە ئەوەیە کە بیمەی تەندروستی دابەشی دوو جۆری سەرەکی دەکات: بیمەی تەندروستی گشتی و تایبەت کە لەمیانەی دوو لق دەخرێنەڕوو.

٢,١,١,١ بیمەی تەندروستی گشتی

بیمەی تەندروستی گشتی یاخود بیمەی تەندروستی حکومی بریتییە لەو بیمەیەی کەوا دەولەت دروستی دەکات و بەڕێوەی دەبات و ناسراویشە بە سیستەمی بیمەی زۆرەملێ، پارەدانەکەی لە ڕێگەی دانی باج یان میرانەییە یاخود هەردووکیان بە یەکەوە، هاوشان لە گەڵ هاوبەشی کردنی دەولەت تێیدا. بەم پێیە هەر تاکێک کەوا باجەکەی دابێت ئەوا خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی لە لایەن دەولەت پێشکەشی دەکرێت لە بەرامبەر ئەو باجەی داویەتی(حماد و عبداللة، ٢٠٢١، ص ٣٢). سیستەمی بیمەی تەندروستی گشتی لە عێراقیشدا بەکاردەهێنرێت کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا یاسای گەرەنتی تەندروستی ژمارە(٢٢) ساڵی ٢٠٢٠ (قانون الضمان الصحي) دەرچوو بە شێوەی زۆرەملێ کە هەموو فەرمانبەرانی دەولەت پێیەوە پابەند بن. بە شێوەیەکی گشتی لە ولاتاندا، بەشداریکردن لەم جۆرە بیمەیە ئارەزوومەندانە نیە بەڵکو پابەندییە و سەرچاوەکەشی یاسایە و ڕێکخستنی یاسایی تەواوی بۆ کراوە کەوا شێواز و مەرج و ئەحکام و لێکەوتەکانی دیاری کراون و ڕێساکانی ئامرن کە هیچ یەک لە لایەنەکان ناتوانن گۆرانکاری تێدا بکات، هەروەها دەولەت چاودێری بەڕێوەبردنی دەکات(ناصر، ٢٠١٥، ص٢٦).

٢,١,١,٢ بیمەی تەندروستی تایبەت

بیمەی تەندروستی تایبەت هەموو ئەو جۆرە بیمانە دەگرێتەوە کەوا تاک ئارەزوومەندە لە بەشداریکردن تێیدا. بە پێی ئەم جۆرە بیمەیە پەیوەندی نێوان بیمەکراو لە گەڵ کۆمپانیاکانی بیمە پەیوەندیەکی گرێبەستییە(کامل، ٢٠١٦،ص٨٩). بیمەی تەندروستی تایبەت دابەش دەبێت بۆ سەر دوو جۆری سەرەکی: بیمەی تەندروستی بازرگانی و بیمەی تەندروستی هاریکاری (نابازرگانی).

یەکەم: بیمەی تەندروستی بازرگانی کە لەسەر بنەمای بازرگانی دادەمەزرێت و ئامانج لێی سوود و قازانجە، کەوا کۆمپانیاکانی پشکدار و دەستەکانی بیمە پێی هەڵدەستن هەریەکە بە پێی بەشی خۆی کەوا لە بەرامبەر ئەو مەترسییەی بیمەکار بیمەی دەکات ڕێژەیەک پارە بە شێوەی قیست وەردەگرن(سامية،٢٠١٦-٢٠١٧،ص١٣). کاتێک تاکەکان گرێبەست لە گەڵ کۆمپانیاکانی بیمە ئەنجام دەدەن ئەوا ئەم کۆمپانیاییە هەڵدەستێت بە گرێدانی گرێبەست لە گەڵ دامەزراوە تەندروستیەکان و پزیشکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بەوانەی هاوبەشی مانگانە یاخود سالانە دەدەن، وە کۆمپانیاکانی بیمە ڕێژەی پێویستی پارە دەدەن بەو دامەزراوە تەندروستیانە

بە پێی گرێبەستی نێوانیان. لە بەرامبەریشدا دامەزراوە تەندروستییەکانیش هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ بیمەکراو یان سوودمەند، و بەم پێیە گەرەنتی تەواوەتی خزمەتگوزاریەکان و جۆر و شیاویەتی بۆ ئەو کەسانە دەکات(کرفوع ،٢٠١٦،ص ٣٧٢). کەواتە بیمەی تەندروستی دەبێتە بیمەی بازرگانی بە مەرجێک ئەو دامەزراوەی کە ئەنجامی دەدات، دامەزراوەیەکی تایبەت بێت واتا کۆمپانیایەکی بیمەی تایبەت بێت و ئامانجی قازانج بێت، نەک هاوکاری کەسی بیمەکراویش دەکرێت تاکێک بێت یان کۆمەڵێک بن. لێرەدا پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە بۆ ئەم توێژینەوەیە، مەبەست لە بیمەی تەندروستی تایبەت، بیمەی تەندروستی بازرگانییە کە لەم لقەدا باسی لێوەکرا.

دووەم: بیمەی تەندروستی هاریکاری کە بریتییە لە کاری کۆمەڵە کەسێک بۆ بیمەکردنی هەندێکیان لەو زیان و ڕووداوانەی ڕوودەدەن لە ڕێگەی هاریکاریەکی ڕێکخراو کەوا کۆکەرەوەیەکی دیاریکراو ئەم بیانە کۆدەکاتەوە و ئەم بیمەیە بە شێوەیەکی هاریکاری و یارمەتییە(الزبيدي،٢٠١٩،ص٤٨١). بە پێی ئەم بیمەیە کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بە شێوازی هاریکاری هەڵدەستن بە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی بەرامبەر بە ڕێژەیەک پارە کەمتر لە تێچوونی ڕاستەقینەی چاودێریە تەندروستیەکە. هەروەها دەشکرێت بە شێوەی گرێبەستێک بێت لە نێوان کۆمەڵە کەسێکدا بۆ کۆکردنەوەی هاوبەشەکانیان لە سندوقێکی تایبەتدا، بە شێوەیەک کە هەر یەکێک لەوان نەخۆش بکەوێت لەم سندوقەوە خزمەتگوزاریەکانی بۆ دەستەبەر دەکرێت و ئامانجی هاوبەشان لەمە سوود و قازانج نیە، بەڵکو مەبەست لێی دەستەبەرکردنی تێچونی چارەسەریەکانی ئەندامێکە کەوا توشی نەخۆشیەک دەبێت(مراكشي، ٢٠١٣، ص٢٧١).بەم پێیەش دەردەکەوێت کە ئامانج لە بیمەی تەندروستی هاریکاری گرتنە ئەستۆی تێچونەکانە بۆ چاودێری تەندروستی بە شێوەی هاریکاری و ئامانجی قازانج نیە.

٢,٢ ناساندنی بەڵگەنامە (گرێبەست)ی بیمەی تەندروستی

لە چەند تەوەرەیەکی جیاوازدا، بەڵگەنامەی بیمە، شێوە و مەرجەکانی پێویست تیایدا دەخرێنەڕوو، بەم شێوەی خوارەوە:

٢,٢,١ بەڵگەنامەی بیمەی تەندروستی

بە شێوەیەکی گشتی، بەڵگەنامەی بیمە نموونەیەکی کۆتای نوسراوو و چەسپێنەری گرێبەستی بیمەیە (الجمال، ٢٠٠١،ص١٢٠) و بریتییە لە بەڵگەنامەی کۆتایی کەوا بیمەکار دەریدەکات و گرێبەستی بیمەی تێدا دەچەسپێت، وەهەر خۆشی خودی گرێبەستەکەیە (سامية، ٢٠١٦-٢٠١٧،ص ٢٧). دوای ئەوەی بیمەکار و بیمەکراو لەسەر ڕەگەزە سەرەکیەکانی بیمە ڕێککەوتن، ئەوا بەڵگەنامەی بیمە دروست دەکەن بە شێوەی دەرکراوێکی نووسراو کە گرێبەستی بیمە و واژووی لایەنەکان و کۆمەڵە زانیاریەک دەگرێتە خۆی کەوا هەندێکیان لە شێوەی مەرجی گشتی و هەندێکی تریان لە شێوەی مەرجی تایبەتن(حميدة، ٢٠١٦،ص٦٧).

٢,٢,٢ شێوەی بەڵگەنامەی بیمە تەندروستی

سەبارەت بە شێوەی بەڵگەنامەی بیمە، یاسا داوای نەکردوە لە شێوەیەکی دیاریکراو دا بێت، بۆیە دەکرێت لە شێوەی نوسراوێکی فەرمی یان نافەرمی بێت، چاپ کراو یان نوسراو بێت، هەرچەندە داب ونەریتی گرێبەستی بیمە وابووە کەوا لە بەڵگەنامەیەک یان نمونەیەکدا بێت و مەرجە گشتی و تایبەتیەکانی تێدا بنوسرێت(نصيرة،٢٠١٧-٢٠١٨،ص ٣٤). مەرجە گشتیەکانی تێدا چون یەکن و مەرجەکان سەبارەت بە مەترسیەک و لە کۆمپانیایەک بۆ یەکێکی تر جیاواز نین و زۆربەی جار بیمەکراو مەرج و زانیارییە تایبەتیەکانی بە بەڵگەنامەیەک زیاد دەکات و واژۆیان لەسەر دەکات (الجمال، ٢٠٠١،ص١٢٠).

٢,٢,٣ گرنگترین مەرج و زانیاریەکانی بەڵگەنامەی بیمە تەندروستی

بە شێوەیەکی گشتی پێویستە کۆمەڵێک زانیاری و مەرج لە ناو بەڵگەنامەی بیمەی تەندروستی ئاماژەپێکرا بن، کە بریتین لەمانە: ناوی لایەنەکانی گرێبەست و شوێنی نیشتەجێبونیان(لطفي،١٢٥،٢٠٠١)، و مەترسیەکان (نەخۆشیەکان)، ڕێژەی بیمە (قەرەبووی بیمە)، دیاریکردنی قیست یان بەشداری (پارەی بیمە)، بەرواری بەستنی بەڵگەنامەی بیمە، دیاریکردنی ماوەی بەکاربوونی گرێبەست (نصيرة، ٢٠١٧-٢٠١٨،ص ٣٣-٣٤).

پێمان وایە بوونی ئەم زانیاریانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا گرنگە و پێویستە هەبن لە ناو بەڵگەنامەی بیمەی تەندروستی تایبەت بۆیە پێشنیار دەکەین بۆ بەڵگەنامەی بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا هەموو زانیارییە ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوە ڕێکخستنی بۆ بکرێت بەم شێوەیە: ئەو زانیاری و مەرجانەی کە دەبێت لەبەڵگەنامەی بیمەی تایبەتدا بنووسرێن، بریتین لە: ناوی سیانی، ناونیشان و وێنەی کەسی بیمەکراو یان سوودمەند، ناوی بیمەکار، ڕێکەوتی دەرچوون و کۆتایی هاتنی بەڵگەنامەی بیمەی تەندروستی، واتە ماوەی داپۆشینی بیمە، پارەی بیمە یان بەشداریکردنەکە، و سروشتی نەخۆشییە داپۆشراوەکە.

٢,٣ لایەنەکانی پرۆسەی بیمەکردن

لایەنەکانی پرۆسەی بیمەکردن بریتیین لە بیمەکار و بیمەکراو یاخود زیاتر چونکە لە ڕووی کرداریەوە بەستنی گرێبەستی بیمە بە هاتنەناوەوەی چەند کەسایەتیەکی تر دەبێت لەپاڵ کەسە سەرەکیەکان، بۆیە لەم تەوەرەیەدا باس لە لایەنەکانی بیمەی تەندروستی دەکرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

٢,٣,١ بیمەکار(کۆمپانیای بیمە):

لایەنی یەکەم لە پرۆسەی بیمەدا بریتییە لە بیمەکار کە پێشی دەگوترێت کۆمپانیای بیمە کەوا بیمەکردنی گرتۆتە ئەستۆ و بەڵێن دەدات بە قەرەبووی بیمەکراو لە کاتی هاتنەجێی مەترسیەک(ناصر،٢٠١٥،ص٣٢). لە برگەی دووی ماددەی (١٠) ی یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە(٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموار کراو دا هاتووە پێویستە ئەو کۆمپانیایانەی پەیرەوی چالاکی بیمە و دووبارە بیمەکردنەوە دەکەن، کۆمپانیای هاوپشکی بن. کەواتە بە پێی برگەی ئاماژەپێکراو، بیمەکار کۆمپانیایەکی هاوپشکییە کە

ئامانج لێی سوود و قازانجە و هیچ پەیوەندیەکی بە بیمەکراوەکان نیە، بەڵکو هەڵدەستێت بە گرێبەستکردن لە گەڵ بیمەکراوەکان لە ڕێگای بریکارە ڕێپێدراوەکان یاخود نوێنەرایەتییەکان یان دەلالەکانی(الحکیم، بدون سنة نشر،ص ٧٠).

٢,٣,٢ بیمەکراو:

بریتییە لە لایەنی تری گرێبەستی بیمە. بە شێوەیەکی گشتی، دەکرێت ئەم لایەنە سێ سیفەت (یان کەس) لەخۆ بگرێت: سیفەتی گرێبەستکار کە گرێبەست دەبەستێت لەگەڵ بیمەکار، سیفەتی ئەو کەسەی مەترسیەکەی ڕووبەروو دەبێتەوە، و سیفەتی سوودمەند(الجمال، ٢٠٠١،ص٨٥-٨٦). بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: داواکاری بیمە (گرێبەستکار) کە بریتییە لەو کەسەی کە بەڵێن دەدات بە جێبەجێکردنی ئەرک و پابەندیەکان بەرامبەر بیمەکار.

دووەم: بیمەکراو بریتییە لەو کەسەی کەوا مەترسی بیمەکراوەکە ڕوبەڕوی دەبێتەوە. ئەم کەسە دەکرێت کەسێکی سروشتی یاخود واتایی بێت کە مەترسی لە خۆی ڕوودات، بۆیەش داوای بیمە دەکات و گرێبەست دەکات لە گەڵ بیمەکار تا تێچووی ئەو زیانانە بگرێتە ئەستۆ کە دەکرێت ڕوبدەن، لەبەرامبەر پێدانی چەند قیستێکی دیاریکراو پێی، لەو ماوەیەی کەوا هەردوولا لەسەری ڕێک دەکەون(ناصر، ٢٠١٥، ص٣٢).

سێیەم: سوودمەند کە ئەو کەسەیە بڕی بیمەکە لە کۆمپانیای بیمە وەردەگرێت لەو کاتەی مەترسیە بیمەکراوەکە ڕوبدات(الحکیم، بدون سنة نشر،ص٦٨). ئەم سێ سیفەتە دەکرێت لە یەک کەسدا کۆببنەوە، ئەو کەسەی گرێبەست دەکات لەگەڵ بیمەکار و هەر خۆشی ئەو کەسەیە کە مەترسیەکەی دەکرێت ڕوبەڕووی ببێتەوە و هەر ئەو کەسەش بێت کەوا بڕی بیمەکەی پێدەدرێت لەو کاتەی مەترسی و کارەساتەکە دێتە جێ بەم پێیە هەرسێ سیفاتەکەی لێ کۆدەبێتەوە(الجمال،٢٠٠١،ص ٨٦). دەکرێت سیفەتی بیمەکراو و سوودمەند لە یەک کەسدا کۆببێتەوە هەروەک ئەوەی لە کۆتای بڕگە دووی مادە (٩٨٣)ی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ی بەرکاردا هاتووە(مەبەست لە بیمەکراو ئەو کەسەیە کە ئەرکەکانی بەرامبەر بیمەکار ئەنجام دەدات و مەبەست لە سوودمەند، ئەو کەسەیە کە بیمەکار بڕ (قەرەبوو)ی بیمەکردنی پێدەدات، وئەگەر بیمەکراو خۆی خاوەن مافی بڕی بیمەکردن بێت خۆی دەبێتە کەسی سوودمەند).

٣. ڕێکخستنی یاسایی ئەرکەکانی بیمەکار و بیمەکراوی بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا

هەرچەندە یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ی هەمووارکراو لە مادەکانی (٩٨٣- ١٠٠٨) بەشێوەیەکی گشتی باسی لە گرێبەستی بیمە کردوە و ئاماژەی کردوە بە ئەرکەکانی بیمەکار و بیمەکراو کردوە و ڕێکخستنی تایبەتی بۆ چەند جۆرە بیمەیەک کردووە بەلام لەم یاسایە بە هیچ شێوەیەک باسی بیمەی تەندروستی نەکراوە و ئەرکەکانی بیمەکار و بیمەکراوی بیمەی تەندروستی تایبەتی ڕێکنەخراوە. بۆیە جێگیرکردنی ئەرکە گشتییەکانی لایەنەکانی گرێبەستی بیمەی تەندروستی لە یاسایەکی تایبەتدا، بە کارێکی گرنگ و پێویست دادەنرێت بۆ ئەوەی بە یاسا ئەرکی هەردوو لایەن دیاری بکرێت و لە بەرامبەریشدا مافەکانیان پارێزراو بن؛ بۆیە لێرەدا هەوڵدەدرێت ئاماژە بە چەند یاسایەک و چەند ئەرکێکی بیمەکار و بیمەکراو بکرێت کە لەمیانەی دوو تەوەرە دەخرێنەروو بەم شێوەی خوارەوە:

٣,١ ڕێکخستنی یاسایی ئەرکەکانی بیمەکاری بیمەی تەندروستی تایبەت

یاسای ژمارەیەک لە وڵاتان هەندێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی بیمەکاریان دیاری کردووە، لەوانەش یاسای بیمەی فەرەنسی کە تیایدا هاتووە: بیمەکار دەبێت ئەو لەدەستچوو و زیانانە لە ئەستۆ بگرێت کە بەهۆی ڕووداوێکی پێشبینی نەکراوەوە یان بەهۆی هەڵەی بیمەکراوەوە تووشی بووە، مەگەر ڕێگرییەکی فەرمی یان سنووردار لە گرێبەستی بیمەی نێوانیاندا هەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا بیمەکار بەرپرسیار نابێت لەو لەدەستچوو و زیانانەی کە بەهۆی هەڵەی ئەنقەست یان فێڵی بیمەکراوەوە تووشی دەبن(Article(L113-1),the Insurance Code of French of 1976 ).

یاسادانەری مەغریبیش ئاماژەی بەوە داوە کە کاتێک مەترسیە بیمەکراوەکە بەدی دێت یان کاتێک گرێبەستەکە کۆتایی دێت، دەبێت بیمەکار لەو ماوەیەی ڕێکەوتنی لەسەرکراوە، قەرەبوو یان ئەو بڕە پارەیە بدات کە لە گرێبەستی بیمەدا دیارکراوە و ناچار نییە بە پێدانی زیاتر لەوە. هەروەها بیمەکار دەبێت ئەو لەدەستچوو و زیانانە لە ئەستۆ بگرێت کە لە ئەنجامی ڕووداوە لە ناکاوەکان یان لە ئەنجامی هەڵەی بیمەکراوە دروست دەبن، جگە لەو ریزپەر(استثناء)انە نەبێت کە راشکاوانە لە گرێبەستەکەدا دیاریکراوە. لەگەڵ ئەمەشدا، سەرەڕای هەر ڕێککەوتنێک بە پێچەوانەوە، بیمەکار بەرپرسیار نابێت لەو لەدەستچوو و زیانانەی کە لە ئەنجامی هەڵەی بە ئەنقەست یان ساختەکاری بیمەکراوەوە دروست دەبن (مادة ١٩ و ١٧، القانون رقم (١٧,٩٩) لسنة ٢٠٠٢ المتعلق بمدونة التأمينات في المغرب (المعدل) ). هەروەها یاسادانەری تونسیش ئەرکی بیمەکاری دیاری کردوە کە بیمەکار لە کاتی ڕوودانی مەترسیەکە، دەبێت لەو وادەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، قەرەبوو یان بڕە پارەی دیاریکراو لە گرێبەستەکەدا بدات. و ئەو برە پارە نەدراوانە لە لایەن بیمەکار، بە ناجاری زیادە واتە سوو دروست دەکات کە حساب دەکرێت بە ڕێژەی زیادەی یاسایی بە پێی دەقە یاساییە کارپێکراوەکان، و لەو بەرواره دەست پێدەکات کە ئەو بڕە پارەیە شایستەی پێدان بووە(الفصل (١٠)، قانون رقم (٢٤) لسنة ١٩٩٢ مؤرخ في ٩مارس ١٩٩٢ يتعلق بإصدار مجلة التأمين في التونس).

یاسادانەری بیمەی تەندروستی تایبەتی ئوسترالیا جیاواز لە یاسادانەرە ئاماژە پێکراوەکان، ڕێکخستنی بۆ ئەرکی بیمەکار کردووە سەبارەت بە پێدانی زانیاری بە بیمەکراوان. ئەم یاسایە بیمەکاری بیمەی تەندروستی تایبەتی پابەند کردووە بە پاراستنی بەیاننامەی زانیاری تەندروستی تایبەتی نوێکراو، لە هەموو کاتێکدا( Subdivision (93-1)1, the Australian Private Health Insurance Act No (31) 0f (2007). و خستنە بەردەستی ئەو بەیاننامەیە بۆ ئەو کەسانەی کە داوای زانیاری

دەکەن سەبارەت بە پابەندبوون بە بەرهەمەکانی بیمەی تەندروستی(هەمان یاسا,2(5-93) Subdivision)، و بیمەکار پابەندە بە پێدانی کۆپیەک لەم بەیاننامەیە بە شێوەیەکی نوێ، بە وەزارەت و چاودێری بیمەی تەندروستی تایبەت ئەگەر داوایان کرد، بە زووترین کات و بە شێوازەی کە داوای لێدەکەن(هەمان یاسا(1-96) Subdivision)، بیمەی تەندروستی تایبەت دەبێت دڵنیا بێت لەوەی ئەگەر کەسێک داوای زانیاری لە کارمەند یان بریکاری بیمەکار کرد سەبارەت بە پابەندبوون بە بەرهەمەکانی بیمەی تەندروستی ئەوا دەبێت زانیاریان پێبدرێت(هەمان یاسا(10-93)Subdivision)، بیمەکاری بیمەی تەندروستی تایبەت پابەندە بە پێدانی زانیاری پێویست بە کەسانی تازە بیمەکراو(هەمان یاسا1(15-93) Subdivision)، هەروەها بیمەکار پابەندە بە ئاگادارکردنەوە یان پێدانی زانیاری بە کەسانی بیمەکراو ئەگەر گۆرانکاریەکی پێشنیارکراوی بیمەی تەندروستی تایبەت سەبارەت بە سیاسەت و رێنمایەکانی بیمەکار هەبوو کە لەوانەیە زیان بەخش بێت بۆ بەرژەوەندیەکانی بیمەکراو و لەو کاتەدا پێویست بە نوێکردنەوە بێت(هەمان یاسا 2,(20-93)Subdivision )بە هەمان شێوە بیمەکار پابەندە بە ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی پەیوەندیدار لە هەر گۆرانکاریەکی پێشنیارکراو لە رێساکانی پێش ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و وەزیر دەتوانێت بە نوسراو بیمەکار ئاگاداربکاتەوە کە گۆرانکاریەکە نەکات ئەگەر بینی گۆرانکاریەکە سەرپێچیە یان لەوانەیە ببێتە سەرپێچی بۆ یاسا( هەمان یاسا,1-2(10-169)subdivision). یاسادانەری پەنسلڤانیا لە یاسای کۆمپانیای بیمە دا و لە بەشی بیمەی تەندروستی و رووداوەکان، جیاواز لە یاسایەکانی تر، لە هەندێک بارودۆخدا چەند لێخۆشبوونێکی بۆ بیمەکار داناوە. لەم یاسایەدا هاتووە کە بیمەکار بەرپرسیار نابێت لە هەر زیانێک کە هۆکارەکەی ئەنجامدان یان هەوڵی ئەنجامدانی تاوانێک بوو بێت لە لایان بیمەکراو، یان هۆکارەکەی سەرقاڵی بیمەکراوەکە بێت بە پیشەیەکی نایاسایی. هەروەها لە یاساکەدا هاتووە کە بیمەکار بەرپرسیار نابێت لە هەر زیانێک کە لە ئەنجامی سەرخۆشبوونی بیمەکراودا تووشی بێت، یان لە ژێر کاریگەری هەر ماددەیەکی هۆشبەردا تووشی بێت، مەگەر لەسەر ئامۆژگاری پزیشکێک بەکاری هێنابێت( section(617)10-11,the Pennsylvania insurance company law no(284)of 1921 last amendment2022).

به تێروانین بە هەڵوێستی یاسادانەری وڵاتە ئاماژەپێکراوەکان پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی بە سوود وەرگرتن لەو یاسایانە ئەرکەکانی بیمەکاری بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، رێکخستنی بۆ بکرێت بەم شێوەیە:

١.بیمەکار پابەند بکرێت بە فەراهەمکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی تایبەت بۆ بیمەکراو یان کەسی سوودمەند.

٢. قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو زیانانەی کە دروست بوونە لە دەرئەنجامی دۆخی نائاسایی و تووشبوونی بیمەکراو یان سوودمەند بە نەخۆشیەکی بیمەکراوە، لە ئەنجامی کردارێکی بێ مەبەستانەی خۆی.

٣. بیمەکار هەڵسێت بە ئامادەکردن و پڕکردنەوەی فۆرمی پرسیارەکان (فۆرمی راپۆرتکردنی زیان).

٤. ئەگەر هاتوو بیمەکار خزمەتگوزارییەکانی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی تایبەتی دابین نەکرد، بیمەکراو یان سوودمەند مافی هەیە داوای دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی یان قەرەبووکردنەوەی بکات لە بیمەکار، لەگەل زیادکردنی سوود بۆ هەر رۆژێکی دواکەوتن.

٣,٢ رێکخستنی یاسایی ئەرکەکانی بیمەکراوی بیمەی تەندروستی تایبەت

بە هەمان شێوەی ئەرکەکانی بیمەکار، پێویستە ئەرکەکانی بیمەکراویش بە یاسا رێکبخرێن. یاسای ژمارەیەک لە وڵاتان سەرەرای ئەرکە سەرەکیەکانی بیمەکار، ئەرکەکانی بیمەکراویشیان دیاریکردوە. لە یاسای بیمەی فەرەنسی دا هاتووە کە بیمەکراو پابەند دەبێت بە: دانی پارەی بیمە لەو کاتانەی لەسەریان رێککەوتوون؛ بە راست و دروست وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بیمەکار، بە تایبەتی لە فۆرمی راپۆرتکردنی زیان کە بەپێی ئەوە بیمەکار پرسیاری لێدەکات لە کاتی گرێدانی گرێبەستەکەدا، لەسەر بارودۆخێک کە بیمەکار بتوانێت ئەو مەترسیانە هەڵسەنگێنێت کە دەیگرێتەوە؛ راگەیاندنی ئەو بارودۆخە نوێیانە کە لە ماوەی گرێبەستەکەدا کاریگەریان هەیە لەسەر زیادکردنی مەترسی یان دروستکردنی مەترسی نوێ، و بەو هۆیەشەوە ئەم وەڵامانەی کە دایتیەوە بە تایبەتی لەو فۆرمەی کە لە سەرەوە باسکرا، ناراست بن یان نەمێنن؛ و پێویستە لە کاتی روودانی هەر زیانێک کە لەناو گرێبەستی چاودێری تەندروستیەکە هەیە بیمەکار ئاگادار بکاتەوە هەر کە ئاگاداری بوو یان لە کاتی دیاریکراوی ناو گرێبەستەکەدا درەنگتر نەبێت. نابێت ئەو کاتە لە پێنج رۆژی کارکردن کەمتر بێت. دەتوانرێت ئەو کاتانەی سەرەوە بە رێککەوتنی هاوبەشی لایەنەکانی گرێبەست درێژ بکرێنەوە( Article L113-2)1-4, the Insurance Code of French of 1976.)).

یاسادانەری مەغریبیش ئەرکی بیمەکراوی دیاریکردوە کە بیمەکراوی پابەند کردووە بە: پێدانی پارەی بیمە یان بەشداریکردن لەو وادانەی کە رێککەوتنی لەسەر کراوە؛ لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەستدا بە وردی ئەو بارودۆخانە بخاتەروو کە دەیزانێت، تاکو بیمەکار بتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ ئەو مەترسیانە بکات کە هەڵیدەگرێت؛ ئاراستەکردنی بیمەکراو، لە وادە دیاریکراوەکان لە گرێبەستەکەدا، ئەو راگەیاندنانەی کە رەنگە پێویست بن بۆ بیمەکار بۆ دیارکردنی برە پارەی بیمە (قیست) ئەگەر ئەو قیستە گۆراو بێت؛ و ئاگادارکردنەوەی بیمەکار لە هەر رووداوێک کە رەنگە ببێتە هۆی کارابوونی گەرەنتی لە لایەن بیمەکار، هەر کە ئاگاداری بوو و لە ماوی پێنج رۆژ دوای روودانی رووداوەکە و ناتوانرێت بە رێککەوتن ئەم ماوەیە کەم بکرێتەوە بەلام دەکرێت درێژ بکرێتەوە بە رێککەوتنی نێوان لایەنەکانی گرێبەست(مادة(٢٠)٣،٢،١ و ٥، القانون رقم (١٧,٩٩) لسنة ٢٠٠٢ المتعلق بمدونة التأمينات في المغرب (المعدل).

یاسادانەری تونسیش بە هەمان شێوەی یاسادانەری مەغربی ئەرکەکانی بیمەکراوی دیاریکردووە و جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵی، تەنها لە بەروار و ماوەی دیاریکراو نەبێت(الفصل (٧)، قانون رقم (٢٤) لسنة ١٩٩٢ مؤرخ في ٩مارس ١٩٩٢ يتعلق بإصدار مجلة التأمين في التونس).

بە سەرنجدانی هەڵوێستی یاسادانەری وڵاتە ئاماژەپێکراوەکان بە سوود وەرگرتن لەو

یاسایانە و هەوڵدان بۆ ڕێکخستنێکی ووردتر بۆ ئەم بابەتە لە هەرێمی کوردستان، پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی که ئەرکەکانی بیمەکراوی بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کورستان، ڕێکخستنی بۆ بکرێت بەم شێوەیە

١.بیمەکراو پابەند بکرێت بە وەڵام دانەوەی هەموو پرسیارەکان بە شێوازێکی درووست کە لەلایەن بیمەکارەوە پێشکەش دەکرێن، بە تایبەتی، لە فۆرمی پرسیارەکان.

٢. ئامادەکردن و پێشکەشکردنی گشت بەڵگەنامە و پێداویستییەکانی بیمە کە بیمەکار داوای دەکات.

٣. پێدانی بڕی پارەی بیمەی تەندروستیی تایبەت بە بیمەکار بەو بڕە و جۆرەی ڕێککەوتنی لەسەرکراوە. ٤. راگەیاندنی ئەو دۆخ و گۆڕانکارییە نوێیانە کە لە ماوەی گرێبەستەکەدا روودەدەن و کاریگەری دەخەنە سەر زیادکردنی مەترسی یان دروستکردنی مەترسی نوێ بە شێوەی بەیاننامەیەکی نوسراو.

٥.ئاگادارکردنەوەی بیمەکار لە کاتی تووشبوونی بە نەخۆشیەک کە لەسەری ڕێککەوتوون لە بیمەی تەندروستیی تایبەتیەکە، لەکاتی دیاریکراو کە لەسەری ڕێککەوتوون درەنگتر نەبێت و داوای پێشکەشکردنی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستیەکە بکات.

4.ڕێکخستنی یاسایی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستیی تایبەت و ڕێگاکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە هەرێمی کوردستاندا

لەم بەشەدا و لە دوو باسی جیاوازدا، گرتنەخۆی بیمەی تەندروستیی تایبەت و ڕێگاکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان دەخرێنە روو، بەم شێوەی خوارەوە:

٤,١ڕێکخستنی یاسایی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستیی تایبەت

مەبەست لە گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی بریتییە لە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانی بیمەی تەندروستی کە لە لایەن دابینکەری داپۆشینی بیمەوە پێشکەش دەکرێن(المادة(١)، قانون الضمان الصحي البحرين رقم(٢٣) لسنة ٢٠١٨)، هەبوونی داپۆشینی بیمەی تەندروستی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ تاکەکان کە خۆیان لە پێدانی تەواوی تێچووی خەرجیە پزیشکییەکان بە دوور بگرن کاتێک پێویستیان بە چاودێری پزیشکی هەیە(C F I Team, 2022).

گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی تایبەت گرنگیەکی زۆری هەیە هەروەک ئەوەی بەشێک لە یاسادانەرەکان ڕێکخستنی تایبەتیان بۆ کردوە لەوانە یاسادانەری ئایسلەندی لە یاسای بیمەی تەندروستی ( the Iceland Act on Health insurance No(112)of 2008) ڕێکخستنی بۆ گرتنەخۆی بیمە کردوە کە ژمارەیەکی زۆری خزمەتگوزاری تەندروستی لەخۆ دەگرێت، لە مادەکانی (١٧-١٩)ی ئەم یاسایەدا هاتووە: بیمەی تەندروستی، چاودێری تەندروستی سەرەتایی لەخۆ دەگریت، واتە چارەسەری پزیشکی گشتی، پەرستاری، پاراستنی تەندروستی و چاودێری خۆپارێزی، چارەسەری فریاگوزاری و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی چاودێری تەندروستی کە لەلایەن ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی دابین دەکرێن. سەرەرای ئەمانە، بیمەی تەندروستی، چارەسەری پزیشکی گشتی و پەرستاری لە دەرەوەی ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی لەخۆ دەگرێت،هەروەها بیمەی تەندروستی، خەواندن لە نەخۆشخانە لەسەر پێشنیاری پزشکیش لەخۆ دەگرێت، لەوانەش بەشی دایکان. خەواندن لە نەخۆشخانەش بۆ ئەو ماوەیەی کە پێویستە دەگرێتەوە لەگەڵ یارمەتی پزیشکی و دەرمان و خزمەتگوزارییەکانی دیکە کە لەلایەن نەخۆشخانەوە پێشکەش دەکرێن، جگە لەوەش ئەو خزمەتگوزاریە گشتی و تایبەتیانە دەگرێتەوە کە لە بەشی چارەسەری خێرا (چارەسەر لە دەرەوی نەخۆشخانە)، بەشی رۆژانە، بڕیندارەکان و بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکان پێشکەش دەکرێن، بیمەی تەندروستی، پشکنینی تاقیگەیی و چارەسەری پێویست لەلایەن پسپۆڕانی پزیشکیەوە لەخۆ دەگرێت و هەوەها چارەسەری پێویستی ددان بۆ بەساڵاچووان و کەمئەندامان و منداڵانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ و ڕاستکردنەوەی ددانیش لەخۆ دەگرێت، جگە لەوەش، چارەسەری پێویستی ددان و ڕاستکردنەوەی ددان دەگرێتەوە کە بەهۆی لێکەوتە جددییەکانی کەموکوڕی زگماکی و ڕووداو و نەخۆشییەوە پێویست بووە. لە مادەکانی (٢١ و ٢٢)ی یاساکەدا هاتووە، بیمەی تەندروستی، چارەسەری فیزیۆتێراپی پێویست، چارەسەری پیشەیی و چارەسەری قسەکردن دەگرێتەوە، هەروەها خزمەتگوزارییە تەندروستییە تایبەتەکانی تر دەگرێتەوە بۆ نموونە سەبارەت بە یارمەتی مامان لە منداڵبوون لە ماڵەوە و چارەسەری تایبەتمەند بۆ تێکچوونی جددی پێست، هەروەها چارەسەری پزیشکی لە دەرەوەی وڵاتیش لەخۆ دەگرێت. ئەگەر بیمەکراوێکی تەندروستی بەپەلە پێویستی بە چارەسەری پزیشکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی هەبێت لە دەرەوەی وڵات کاتێک کە ناتوانرێت لە ئایسلەندا هاوکاری پێویستی بۆ دابین بکرێت، بیمەی تەندروستی، تێچووی چارەسەرەکە و مانەوە و دەرمان و یارمەتی پزیشکی پێویست لە دەرەوەی وڵات دەدات. هەروەها بیمەی تەندروستی، یارمەتی گەشتکردنی بیمەکراوی تەندروستی دەدات و یاوەرێک لە بارودۆخی تایبەتدا. شوێنی چارەسەری بۆ بیمەکراوی تەندروستی لە دەرەوەی وڵات لە لایان ئیدارەی بیمەی تەندروستی دیاری دەکرێت و ئەگەر بیمەکراو لە شوێنێکی تر و گرانتر لە شوێنی دیاریکراو چارەسەر وەربگرێت، بیمەی تەندروستی تەنها ئەو تێچوونە دەدات کە دەبوو لەو شوێنەدا بدرێت کە بۆی دیاریکراوە. هەروەها لە مادە (٣٣)دا ئاماژەی داوە بە تێچووی پزیشکی دروست بوو لە ئەنجامی نەخۆشی و ڕووداو لە دەرەوەی وڵات کە تیایدا هاتووە ئەگەر بیمەکراوێکی تەندروستی کە لە دەرەوەی وڵات جێگیرە پێویستی بە یارمەتی پزیشکی ناوخۆیی هەبێت، پێویستە بیمەی تەندروستی تێچوونەکەی بدات بە هەمان شێوەی یارمەتی پزیشکی لە ئایسلەندا. بە پێی مادەکانی (٢٤-٢٨)ی یاسای ئاماژەپێکراو، بیمەی تەندروستی کۆمەڵێک خزمەتگوزار و تێچووی تەندروستی دیکە لەخۆ دەگرێت، وەکو: خزمەتگوزارییەکان لە دامەزراوەکانی پەرستاری لە نەخۆشخانەکان و ناوەندەکانی چاودێری بەساڵاچوان وبەتەمەنەکان؛ دەرمانە پێویستەکان کە شایستەی بەشداریکردنی بیمەی تەندروستیین؛ تێچووی بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر

کە مەبەست لێی ئەو ئامێرانەن کە بەکاردەهێنرێن بۆ یارمەتیدانی کەمئەندامان لە ڕووبەڕووبونەوەی ژینگەکەیان و زیادکردن یان پاراستنی تواناکانیان یان بۆ ئاسانکار چاودێریکردنیان؛ تێچووی کرینی مادده خۆراکیيە پزشکیە گرنگ و تایبەتیەکان؛ و تێچووی گواستنەوەی پزیشکی حەتمی بیمەکراو بۆ نەخۆشخانەیەک لە ئایسلەندا لە بارودۆخی بەپەلەدا و تێچووی گواستنەوەی بیمەکراو لە نەخۆشخانەوە بۆ ماڵ یان شوێنی نیشتەجێبوونی.

هەر وەک دەزانرێت کە گرێبەستی بیمە بە پێی ڕێککەوتنی نێوان بیمەکاری تەندروستی تایبەت و بیمەکراو ئەنجام دەدریت، بۆیە بڕ و جۆری خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان بە گوێرەی ڕێککەوتنی لایەنەکانی گرێبەستی بیمەی تەندروستی دەبێت کە ئایا هەموو جۆرە نەخۆشی و چارەسەری و تێچووەکان بگرێتە خۆ یاخود یەک یان چەند جۆرە نەخۆشی و چارەسەرێک، یانیش هەر داپۆشینێکی تری تەندروستی. لەبەر گرنگی بابەتی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی و بۆ پاراستنی مافی بیمەکراوان و بە سوود وەرگرتن لە یاسادانەری ئایسلەندی، پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی بە سوود وەرگرتن لە یاسادانەری ئایسلەندی کە گرتنەخۆی(خزمەتگوزاری تەندروستی)ی بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا ڕێکخستنی بۆ بکرێت و ووردەکاریەکانی بە دەقی یاسایی جێگیر بکرێت.

٤,٢ڕێکخستنی یاسایی ڕێگاکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان

پێشکەشکردنی گرتنەخۆ و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی بیمە بە بیمەکراو یان سوودمەندان بە چەند شێوازێک دەبێت. دەکرێت بە شێوازی ڕاستەوخۆ بێت کە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە لایەن دامەزراوە تەندروستیەکانی سەر بە بیمەکاری تەندروستی و لە ڕێی کارمەندەکانیەوە پێشکەش دەکرێن و دامەزراوەکە تەواوی خەرجیەکانی خۆی لەئەستۆ دەگرێت(مراكشي،٢٠١٣،ص ٢٧٠). واتە کۆمپانیای بیمەی تەندروستی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی تایبەت پێشکەش بە بیمەکراو دەکات لە ڕێگای دامەزراوەی تەندروستی(نەخۆشخانە)ی تایبەت بە خۆی کە سەر بە هەمان کۆمپانیایە(چاوپێکەوتن لەگەڵ اسماعیل). دەشکرێت پێشکەشکردنی گرتنەخۆی بیمە بە شێوازی ناراستەوخۆ بێت کە بیمەکار گرێبەست لەگەڵ ناوەندەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەکات لە هەردوو کەرتی تەندروستی گشتی و تایبەتدا بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیان بە بیمەکراو. هەروەها دەشکرێت بە شێوازێکی تر پێشکەش بکرێت، ئەویش بە لەخۆگرتنی هەردوو شێوازی راستەخۆ و ناراستەوخۆ(مراكشي،٢٠١٣،ص ٢٧٠-٢٧١).

چەند ڕێگایەکی دیکە هەن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی بیمە کە تارادەیەک جیاوازن لەو شێوازانەی کە لەسەرەوە باس کراون، بۆ نموونە دەکرێت بەم ڕێگایە بێت کە کۆمپانیای بیمە هەلبستێت بە بەستنی گرێبەست لە گەڵ کۆمەڵێک دامەزراوەی تەندروستی یان پزیشک بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە سوودمەندان، ئەوانەی هاوبەشی (قیستی) مانگانە یان سالانەیان داوە، کە کۆمپانیاکە خۆی هەلدەستێت بە پێدانی تێچوونە داراییەکان بەو دامەزراو یان پزیشکانە بە پێی بەندەکانی گرێبەستی نێوانیان. یاخود دەکرێت لە ڕێگای دروستکردن و پێکهێنانی ڕێکخراوە خۆجێیەکان بێت بۆ پاراستنی تەندروستی کەوا هەر یەک لەمانە گرێبەست ئەنجام دەدات لەگەڵ کۆمەڵێک دامەزراوەی تەندروستی و پزیشک بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی گشتگیر لە خزمەتگوزاریەکانی بیمەی تەندروستی بە سوودمەندان، لە بەرامبەر هاوبەشیەکی ساڵانە یاخود مانگانە، و بەمەش گەرەنتی تەواوەتی خزمەتگوزارییەکان دەگرێتەخۆ و بە پێی ویستی نەخۆش جێبەجێ دەکرێت(كرفوع،٢٠١٦،ص ٣٧٢). هەروەها دەکرێت ئاماژە بە ڕێگایەکی تریش بدرێت کە بەم شێوەیەیە: هەموو کۆمپانیایەکی بیمەی تەندروستی شەبەکەیەکی پزیشکیان هەیە، ئەم شەبەکەیە کۆمپانیایەکی ترە و ئیشی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستییە. کۆمپانیای بیمەی تەندروستی گرێبەست لەگەڵ ئەم شەبەکە پزیشکیە دەبەستێت و ئەم شەبەکە پزیشکیەش هەڵدەستێت بە بەستنی گرێبەست لەگەڵ دامەزراوە و نەخۆشخانە تایبەتیەکان. کەواتە ئەم شەبەکە پزیشکیە کۆمپانیایەکی نێوەندگیرە لە نێوان کۆمپانیای بیمەی تەندروستی و دامەزراوە تەندروستیە تایبەتیەکان. ئەم بیمەیە ناوەخۆییە واتە بیمەکراو لە چوارچێوەی شەبەکەی ئەو کۆمپانیایەوە سەردانی نەخۆشخانە و پزیشکەکان دەکات(چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیڤان).

کەواتە دەبینرێت چەندین ڕێگای جیاواز هەن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە بیمەکراوان، بۆیە پێشنیار دەکەین کە لە هەرێمی کوردستاندا ڕێکخستنی یاسایی بۆ ئەم بابەتەش بکرێت و ئەو ڕێگایانە دیار بکرێن کە دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە بەم شێوەیە: کۆمپانیای بیمەی تەندروستی تایبەت دەتوانێت بە یەکێک یان چەند ڕێگایەک لەمانەی خوارەوە، خزمەتگوزاریەکانی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی تایبەت پێشکەش بە بیمەکراو و سوودمەندان بکات: لە ڕێگای نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستییە فەرمییەکانی خۆیەوە، یان بەستنی گرێبەست لەگەڵ نەخۆشخانە و دامەزراوەی تەندروستی و پزیشکی تایبەت، یانیش بەستنی گرێبەست لەگەڵ نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستییە حکومیەکان و بە هاوبەشی لە گەلیان خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێشکەش دەکەن.

٥. ڕێکخستنی یاسایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا

گومانی تێدا نییە کە گرێبەست سەرچاوەی پابەندبوونە، بەو پێیەی نوێنەرایەتی سەرچاوەی سەرەکی سەرهەڵدانی ماف و پابەندبوونەکان دەکات بۆیە بە پێویست دەزانرێت ئاماژە بە چەند حالەتێکی هەلوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمە بکرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

٥,١ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمە بە هێزی یاسا

گرێبەستی بیمە وەک هەر گرێبەستێکی دیکە شیاوی هەڵوەشانەوەیە بە هێزی یاسا، بۆیە هەر کاتێک حوکمێک هەبوو لە یاساییکدا بۆ هەڵوەشانەوەی گرێبەست، بە

هاتنەدی ئەو حوکمە گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە؛ بۆ نموونە لە حاڵەتی پاکتاوکردنی دادوەری بیمەکار، وەک چۆن یاسادانەری مەغربی ئاماژەی پێکردوە کە لە حاڵەتی پاکتاوکردنی دادوەری بیمەکار، گرێبەستی بیمە سێ ڕۆژ دوای راگەیاندنی پاکتاوکردنی دادوەری کۆتایی دێت و بیمەکراو مافی ئەوەی هەیە داوای پارەی بیمە بکات بۆ ئەو ماوەیەی کە بیمەکە کارا نەماوە(مادة(٢٧)٣، القانون رقم (١٧,٩٩) لسنة ٢٠٠٢ المتعلق بمدونة التأمينات في المغرب (المعدل)).

سەبارەت بە بیمەکراویش، بە هەمان شێوە، نەداربوون یاخود پاکتاوکردنی دادوەری بیمەکراو بۆ سامانەکەی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمە بە هێزی یاسا، لە دوای دەرچوونی بڕیاری نەداربوون یاخود پاکتاوکردنی دادوەری(نصیرة، ٢٠١٧-٢٠١٨،ص٦٩)، یاسادانەری مەغربیش دەق لەسەر ئەم حاڵەتە کردووە کە "لە ئەگەری نەداربوون یان پاکتاوکردنی دادوەری بیمەکراو، ... خاوەن قەرزەکان و بیمەکار مافیان هەیە لە ماوەی (٩٠)رۆژدا گرێبەستەکە هەڵبوەشێننەوە کە لە بەرواری نەداربوون یان پاکتاوکردنی دادوەری دەستپێدەکات... ."( مادة(٢٧)١ و ٢، القانون رقم (١٧,٩٩) لسنة ٢٠٠٢ المتعلق بمدونة التأمينات في المغرب (المعدل)). کەواتە گرێبەستی بیمە هەڵدەوەشێتەوە دوای دەرچوونی بڕیاری نەداربوون یان پاکتاوکردنی دادوەری بیمەکراو و سەبارەت بە ڕێکاری داواکردنی هەڵوەشاندنەوەش دوای دەرچوونی بڕیارەکە دەبێت.

٥,٢ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمە لە ئەنجامی سەرپێچی کردنی ئەرکە دیاریکراوەکانی ناو گرێبەست لە لایەن یەکێک لە لایەنەکان

سەرپێچی کردنی لایەنێکی گرێبەست لەو پابەندبوونانەی لەسەریەتی ڕێگە بە لایەنی بەرامبەر دەدات کە ئەویش ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ نەکات و داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکات(صالح، ٢٠١٦)، لە یاسای شارستانی عێراقیش ئەم بابەتە ئاماژەی پێکراوە کە تیایدا هاتووە "لەو گرێبەستانەی هەردوو لایەنەکان پابەند دەکرێن، ئەگەر یەکێک لە لایەنەکان ئەو ئەرکەی ئەنجام نەدا کەوا بە پێی گرێبەستەکە لەسەری پێویستکراوە، لایەنەکەی تر بۆی هەیە دوای ئاگادارکردنەوەی، داوای هەڵوەشاندنەوە بکات لەگەڵ قەرەبووکردنە ئەگەر پێویست بێت... ."( مادة(١٧٧)١، قانون المدني العراقي رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١).کەواتە بە پشت بەستن بەم مادەیە بە بێ ئاگادارکردنەوەی لایەنی بەرامبەر ناکرێ داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست بکرێت.

٥,٣ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمە بە ڕێکەوتنی لایەنەکانی

گرێبەستی بیمەش وەک هەر گرێبەستێکی تر دەکرێت بە ڕێککەوتن و ڕەزامەندی هەردوو لایان کۆتایی پێ بهێنرێت و هەڵبوەشێنرێتەوە. هەروەک مادده (١٨١)ی یاسای شارستانی عێراقی کە ڕێگەی داوە بە لایەنەکانی گرێبەست کە ڕێککەون لەسەر هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست داوای بەستنی. هەروەها ئەم یاسایە ئاماژەی بەوەش داوە کە "دروستە لایەنەکان ڕێککەون لە کاتی ئەنجام نەدانی ئەرکەکانی گرێبەستەکە، ئەو گرێبەستە لە خۆیەوە بە هەڵوەشاوە دابنرێت بە بێ ئەوەی پێویست بە بڕیاری دادگا بکات، و ئەو ڕێککەوتنە نابێتە مایەی لێبوردن لە ئاگادارکردنەوە تەنها ئەگەر لایەنەکان بە راشکاوانە ڕێککەوتبن لەسەر ئەوەی ئاگادارکردنەوە پێویست نیبە"( مادة(١٧٨)، قانون المدني العراقي رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١)،کەواتە بە پێی ئەم مادەیە لایەنەکان دەتوانن ڕێکبکەون کە گرێبەستەکە هەڵبوەشێنەوە بە بێ پێویست بوون بە ئاگادارکردنەوەی لایەنەکەی تری گرێبەستەکە.

٥,٤ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمە لە لایەن بیمەکراو

گرێبەستی بیمە لە بنەرەتدا گرێبەستێکی ڕەوایە بۆ هەردوولایەن، بیمەکراو یان بیمەکار دەتوانێت لە هەر کاتێکدا گرێبەستەکە هەڵبوەشێنێتەوە. کەواتە هەڵوەشاندنەوە لە لایەن بیمەکراو ڕێگەپێدراوە کە ئەمەش لە یاسای بیمەی چەندین وڵاتدا جێگیر کراوە، بۆ نموونە لە یاسای بیمەی تەندروستی تایبەتی فەرەنسیدا هاتووە گرێبەستەکە دەبێت ماوەی گرێبەست و مەرجەکانی هەڵوەشاندنەوە دیار بکات بە تایبەتی مافی بیمەکار و بیمەکراو بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست هەموو ساڵێک. لەگەڵ ئەمەشدا، بیمەکراو مافی ئەوەی هەیە لە کۆتای ماوەی ساڵێکدا گرێبەستەکە هەڵبوەشێنێتەوە بە ئاگادارکردنەوەی بیمەکار لە ڕێی ناردنی نامەیەکی تۆمارکراو بۆ بیمەکار لە لایەنی کەم دوو مانگ پێش بەرواری کۆتایهاتنی ساڵەکە. و بیمەکاریش هەمان مافی دەبێت لەسەر هەمان ئەو مەرجانەی لەسەری ڕێککەوتون( Article(L113-12),the Insurance Code of French of 1976) و لە یاسای بیمەی تەندروستی تایبەتی ئوسترالیاشدا هاتووە کە پێویستە بیمەکراو ئەو بیمەکارە تەندروستیە تایبەتە ئاگادار بکاتەوە کە بیمەکەی دەرکردوە، ئەگەر نەیویست چی تر بەردەوام بێت لە بیمەکە( Subdivision(23-30),the Austalin private Health insurance Act of No(31)of 2007).

٥,٥ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمە لە لایەن بیمەکار

بە هەمان شێوەی بیمەکراو، بیمەکاریش مافی هەڵوەشاندنەوەی بیمەی هەیە هەروەک ئەوەی لە یاسای شارستانی عێراقیش باس لەم حاڵەتە کراوە بەوەی کە "١. لایەنی بیمەکار بۆی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکات ئەگەر کەسی بیمەکراو بە ئەنقەست شتێکی شاردەوە یان زانیاری درۆی پێشکەشکرد، و ئەو کارە ببێتە هۆی گۆڕانی بابەتی مەترسی یان کەم بوونەوەی گرنگییەکەی لە چاوی لایەنی بیمەکار، و ئەو قیستانەی دراون دەبنە مافێکی تەواوی لایەنی بیمەکار، و ئەو قیستانەی کاتی دانیان هاتووە و نەدراون بۆی هەیە داوایان بکات. ٢. لە هەموو ئەو حاڵەتانەی کەوا کەسی بیمەکراو بە فێلکردن زیان بە بەڵێنەکانی دەگەیێنێت، بڕیارەکانی برگەی پێشوو پەیڕەو دەکرێن، بەڵام ئەگەر بیمەکراو نیاز پاک بوو پێویستە لە کاتی هەڵوەشاندنەوە لایەنی بیمەکار ئەو قیستانەی وەریگرتوون بگەڕێنێتەوە یان قیستەکان بە قەد ئەوەندە بگەڕێنێتەوە کە لە بەرامبەری بەرگەی هیچ مەترسیەکی نەگرتووە"( المادة(٩٨٧)، قانون المدني العراقي رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١). لە یاسای بیمەی

تەندروستی تایبەتی فەرنسیشدا هاتووە "جگە لە هۆکارە ئاساییەکانی پوچەڵبونەوە، ...، گرێبەستی بیمە هەڵدەوەشێتەوە لە حاڵەتی پێدانی لێدوانی درۆ یان چەواشەکاری بەئەنقەستی بیمەکراو، کاتێک ئەو جۆرە لێدوان و چەواشەکارییە ساختەیە بابەتی مەترسیەکە دەگۆڕێت یان هەڵسەنگاندنی بیمەکار بۆی کەم بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو مەترسییەی کە بیمەکراو شاردویەتیەوە یان شێواندویەتی هیچ کاریگەریەکی لەسەر داواکاری نەبوو بێت ... ." هەروەها لە یاساکەدا هاتووە چەواشەکاری و ڕاگەیاندنی نادروست لە لایەن بیمەکراوەوە کە نیەتی خراپی نەسەلمێنرێت، نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بیمەکە ( Article(L113-8and 9,theInsurance Code of French of 1976).

هەروەها لە حاڵەتێکی تریش بیمەکار مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمەی هەیە، ئەویش بریتییە لە حاڵەتی نەدانی پارەی بیمە لە لایەن بیمەکراو کە یاسادانەری تونسی ئاماژەی پێکردوە بەوەی بیمەکار دەتوانێت گرێبەستی بیمە ڕابگرێت ئەگەر بیمەکراو قیست(پارە)ی بیمە یان کرێی بەشداریکردنی یان ئەو بەشەی کە کاتی دانی هاتووە نەدا...( الفصل (١١)، قانون رقم (٢٤) لسنة ١٩٩٢ مؤرخ في ٩مارس ١٩٩٢ يتعلق بإصدار مجلة التأمين في التونس).

کەواتە دەتوانرێت بگووترێت کە زۆربەی یاساکانی بیمەی وڵاتان، ڕێکخستنێکی ووردی هەڵوەشاندنەوەی بیمەیان کردووە، بۆیە بە پێویستی دەزانین هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمەی تەندروستی تایبەت لە هەرێمی کوردستانیشدا ڕێکخستنی یاسایی بۆ بکرێت و پێشنیار دەکەین کە گرێبەستی بیمەی تەندروستی تایبەت هەڵبوەشێتەوە بە هێزی یاسا لە حاڵەتی پاکتاوکردنی دادوەری بیمەکار یاخود نەداربوون یان پاکتاوکردنی دادوەری بیمەکراو بۆ سامانەکەی، لە کاتی سەرپێچی کردنی یەکێک لە لایەنەکان بۆ ئەرکەکانی، ڕێککەوتنی لایەنەکان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی، لە کاتی داواکردنی بیمەکراو، یاخود داواکردنی بیمەکار ئەگەر بیمەکراو بە نیەتێکی خراپ فەرمانێکی شاردەوە یان بەیاننامەیەکی هەڵە پێشکەش کرد.

٦.کۆتای

لە کۆتای ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک و ژمارەیەک ڕاسپاردەش دەخرێنە ڕوو، بەم شێوەی خوارەوە:

٦,١ دەرئەنجامەکان

١.بیمەی تەندروستی یەکێکە لە لقەکانی بیمە و لە بیمە هەرە گرنگەکانە، هەر لەبەر ئەمەشە پسپۆران و هەندێک لە یاسادانەرەکان پێناسەیان کردوە بە شێوەی جیا جیا. بەلام دەتوانرێت باشترین و گشتگیرترین پێناسە دابنرێت بەوەی بیمەی تەندروستی گرێبەستێکە لە نیوان دوو لایەن: بیمەکار و بیمەکراو کە بە پێی ناوەرۆکی، داوا لە بیمەکار دەکرێت لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێک یان نەخۆشییەکی دیاریکراو لە گرێبەستدا، بەشێک یان هەموو تێچووی چاودێری تەندروستی کەسێک (بیمەکراو یان سوودمەند) لە تێچووی پزیشکی، نەشتەرگەری، دەرمانی و مانەوە لە نەخۆشخانە و ... هتد بە پێی ڕێکەوتنیان، بدات بە بیمەکراو یان لایەنی دابینکاری چاودێریەکە، لە بەرامبەر برە پارەیەکی دیاریکراو کە بیمەکراو لە چەند کاتێکی دیاریکراودا دەیدات، جا مانگانە، وەرزی یان ساڵانە بێت کە پێی دەگووترێت (پارەی بیمە).

٢. بیمەی تەندروستی چەند جۆرێکی هەیە لەوانە بیمەی تەندروستی گشتی و بیمەی تەندروستی تایبەت، و بیمەی تەدروستی تایبەتیش دوو جۆری هەیە بیمەی تەندروستی بازرگانی و هاریکاری.

٣. هەروەها بوونی بەڵگەنامەی بیمەی تەندروستی پێویستە کە نموونەیەکی کۆتایی نوسراو و چەسپێنەری گرێبەستی بیمەیە و  یاسا داوای نەکردوە لە شێوەیەکی تایبەتدا بێت بۆیە دەکرێت لە شێوەی نوسراوێکی فەرمی یان نافەرمی بێت، چاپ کراو یان نوسراو بێت، هەرچەندە داب ونەریتی بیمە وابووە کەوا لە بەڵگەنامەیەک یان نمونەیەکدا بێت و مەرجە گشتی و تایبەتیەکانی تێدا بنوسرێت.

٤. پێویستە کۆمەڵێک زانیاری و مەرج لە ناو بەڵگەنامەی بیمەی تەندروستی ئاماژەپێکراو بن وەکو ناوی لایەنەکانی گرێبەست و شوێنی نیشتەجێبونیان، و مەترسیەکان (نەخۆشیەکان)، ڕێژەی بیمە (قەرەبووی بیمە)، دیاریکردنی قیست یان بەشداری (پارەی بیمە)، بەرواری بەستنی بەڵگەنامەی بیمە، دیاریکردنی ماوەی بەکاربوونی گرێبەست.

٥. پرۆسەی بیمەی تەندروستی چەند لایەنێک لە خۆ دەگرێت لەوانە لایەنی یەکەم کە بیمەکارە و پێشی دەگوترێت کۆمپانیای بیمە کەوا بیمەکردنی گرتۆتە ئەستۆ و بەڵێن دەدات بە قەرەبوی بیمەکراو لە کاتی هاتنەجێی مەترسیەک. و لایەنی تری گرێبەستی بیمەی تەندروستی بریتییە لە بیمەکراو یاخود سوودمەند ئەو کەسەی کەوا مەترسی بیمەکراوەکە ڕوبەڕوی دەبێتەوە و یان بڕی بیمەکە لە کۆمپانیای بیمە وەردەگرێت.

ڕێگاکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە بیمەی تەندروستی تایبەت دەکرێت بە چەند شێوازێک بێت لەوانە شێوازی ڕاستەوخۆ کە خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی لە ڕێگەی دامەزراوە تەندروستیەکانی سەر بە پێشکەشکاری خزمەتگوزاریەکە بێت واتە جاری وا هەیە کۆمپانیای بیمەی تەندروستی خزمەتگوزاری بیمەی تەندروستی تایبەت  پێشکەش دەکات لە ڕێگای دامەزراوەی تەندروستی(نەخۆشخانە)ی تایبەت بە خۆی کە سەر بە هەمان کۆمپانیایە. شێوازی ناراستەوخۆش هەیە کە لایەنی ڕێکخستنی بیمە گرێبەست لەگەڵ ناوەندەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان دەکات لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا. هەروەها دەکرێت بەم ڕێگایەش بێت کە کۆمپانیای بیمە هەڵدەستێت بە بەستنی گرێبەست لە گەڵ کۆمەڵێک دامەزراوەی تەندروستی و پزیشکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە سوودمەندان.

لە کۆتایدا، دەکرێت هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بیمەی تەندروستی تایبەت، لە یەکێک لەم حاڵەتانە بێت: هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستکە بە هێزی یاسا لە ئەنجامی مایەپوچبوونی بیمەکار یاخود بیمەکراو یان لە ئەنجامی پاکتاوکردنی دادوەری. و لە حاڵەتی سەرپێچی کردنی یەکێک لە لایەنەکانی گرێبەست لە پابەند نەبوون بە ئەرکەکانی دەکرێت گرێبەستەکە هەڵبوەشێتەوە، یاخود لە حاڵەتی بوونی ڕێکەوتن لەسەر

هەڵوەشاندنەوە لە نێوان لایەنەکان، یاخود روودانی هەڵوەشانەوە لە لایەن بیمەکراو هەر کات ویستی بەردەوام نەبێت، و دەکرێت هەڵوەشاندنەوەش لە لایەن بیمەکار رووبدات ئەگەر هاتوو تاکی داپۆشراو ساختەکاری کرد یاخود زانیاری هەڵەی پێشکەش کرد.

٦,٢ ڕاسپاردە و پێشنیارەکان:

لەبەر بوونی ئەو بۆشاییە یاساییەی کەهەمانە لە یاسای شارستانی عێراقی بەرکار و نەبوونی یاسای تایبەتمەند لە چوارچێوەی یاسای گشتی و تایبەت. پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی یاسایەک دەربکات بۆ پرۆسەی بیمەی تەندروستی کە بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان پێویستیەکی یاساییە لە چوارچێوەیەی یاسایەکی تایبەتەمەند بە ناوی یاسای بیمەی تەندروستی تایبەت و لە نێو ئەم یاسایەدا، سەرەرای پێناسەکردنی دەستەواژە پەیوەندیدارەکان و دانانی حوکمە گشتیەکان، ڕێکخستنی یاسایی بۆ حوکمەکانی بیمەی تەندروستی تایبەت بکرێت بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: ماددەی ( ) بەڵگەنامەی بیمەی تەندروستی تایبەت

دوای ئەنجامدانی گرێبەستی بیمەی تەندروستی تایبەت، پێویستە بەڵگەنامەی بیمەی تەندروستی تایبەت بدرێت بە بیمەکراو یان سوودمەند کە ئەم زانیارییانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت: ناوی سیانی، ناونیشان و وێنەی کەسی بیمەکراو یان سوودمەند، ناوی بیمەکار، ڕێکەوتی دەرچوون و کۆتایی هاتنی بەلگەنامەی بیمەی تەندروستی، واتە ماوەی داپۆشینی بیمە، پارەی بیمە یان بەشداریکردنەکە، سروشتی نەخۆشییە داپۆشراوەکە.

دووەم: ماددەی ( ) ئەرکەکانی بیمەکار

أ. بیمەکار پێویستە پابەند بێت بە:

١. دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی تایبەت بۆ بیمەکراو یان سوودمەند، لە کاتی تووشبوونی بیمەکراو یان سوودمەند بە نەخۆشی دیاریکراوی ناو گرێبەستی بیمەی تەندروستی تایبەت و هاتنەدی مەرجەکانی داواکردنی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی تایبەت، دوای راگەیاندن و داواکردنیان.

٢. قەرەبووکردنەوەی زیانەکان کە دروست بوونە لە دەرئەنجامی دۆخی نائاسایی و تووش بوونی بیمەکراو یان سوودمەند بە نەخۆشیەکی بیمەکراو، لە ئەنجامی هەڵەیەکی بێ مەبەستی بیمەکراو یان سوودمەند. بەڵام بیمەکار مافی ئەوەی دەبێت داوای کۆی بڕی ئەو زیانانەی کە داوە، بە سوود و تێچوونەکانیشەوە بکات لەو کەسەی کە بەرپرسیارە لە زیانە دروست بووەکان وەکو ئەو کەسەی تاوانێکی ئەنقەستی ئەنجامداوە بەرامبەر بیمەکراو کە توشی نەخۆشیە بیمەکراوەکە دەکات.

٣.ئامادەکردن و پڕکردنەوەی فۆرمی پرسیارەکان (فۆڕمی ڕاپۆرتکردنی زیان) کە بەکاردێت بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست بۆ پرۆسەی بیمەکردن، لە بیمەکراو.

ب. ئەگەر خزمەتگوزارییەکانی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی تایبەت کە لەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە، لە لایان بیمەکارەوە دابین نەکران، لە ماوەی ئەو وادانەی کە لە مەرجە گشتیەکانی گرێبەستی بیمەی تەندروستیەکەدا دیاری کراوە، بیمەکراو یان سوودمەند دەتوانێت داوای دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی یان قەرەبووکردنەوە بکات، لەگەل زیادکردنی سوود(سوو) بۆ هەر رۆژێکی دواکەوتن.

ج. بیمەکار بەرپرسیار نابێت لەم حالەتانە:لەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی مەبەستی خراپ یان فێلی بە ئەنقەستی بیمەکراو یان سوودمەند تووشی دەبن. و لە هەر نەخۆشیەک کە هۆکارەکەی ئەنجامدان یان هەوڵی ئەنجامدانی تاوانێک بوو بێت لە لایان بیمەکراو، یان هۆکارەکەی سەرقاڵی بیمەکراوەکە بێت بە پیشەیەکی نایاسایی. وله هەر نەخۆشیەک کە لە ئەنجامی سەرخۆشبوونی بیمەکراودا تووشی بێت، یان لە ژێر کاریگەری هەر ماددەیەکی هۆشبەر یان کەرتێکەرە عەقلیەکاندا تووشی بێت، مەگەر لەسەر ئامۆژگاری پزیشکێک بەکاری هێنابێت.

سێیەم: ماددەی ( ) ئەرکەکانی بیمەکراو

أ. بیمەکراو پێویستە پابەند بێت بە:

١.بە ڕاستی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەلایەن بیمەکارەوە پێشکەش دەکرێن، بە تایبەتی، لە فۆرمی پرسیارەکان (فۆڕمی ڕاپۆرتکردنی زیان) کە بەپێی ئەو، بیمەکار پرسیاری لێدەکات لە کاتی بەستنی گرێبەستەکەدا لەسەر بارودۆخێک کە بیمەکار بتوانێت هەڵسەنگاندنی تەواو بۆ نەخۆشی بیمەکراو بکات.

٢.دابین کردنی هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە بیمەکار داوای دەکات بۆ پرۆسەی بیمەکردن.

٣. لە دوای بەستنی گرێبەستی بیمە، بیمەکراو پابەندە بە دانی ئەو بڕی پارەی بیمەی تەندروستی تایبەت کە لەسەری ڕێککەوتوون لە ماوەی قیستە دیاریکراوەکانی ناو گرێبەستەکەیان.

٤. لە ماوەی گرێبەستەکەدا ئەو گۆرانکاری و بارودۆخە نوێیانە ڕابگەیەنێت کە کاریگەریان هەیە لەسەر زیادکردنی مەترسی یان دروستکردنی مەترسی نوێ، و بە تایبەتی ئەگەر ببنە هۆی ئەوەی کە ئەم وەڵامانەی کە دایتیەوە لەو فۆرمەی کە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوە باسکرا، نا ڕاست بن یان نەمێنن. بیمەکراو دەبێت لە ماوەی دوو هەفتە لە ساتەوەختی ئاگاداربوونیەوە، ئەو جۆرە بارودۆخانە بە بیمەکار ڕابگەیەنێت. راگەیاندنەکەش بە شێوەی بەیاننامەیەکی نوسراو دەبێت کە بۆ بیمەکار دەنێردێت.

٥. پێویستە لە کاتی تووشبوونی بە نەخۆشیەک کە لەناو گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی تایبەتیەکەی هەیە، بیمەکراو یان سوودمەند یاخود لەکاتی تەنگانەدا کەسێکی تر، ئاگاداری بیمەکار بکاتەوە هەر کە ئاگاداری بوو یان لە کاتی دیاریکراوی ناو گرێبەستەکەدا درەنگتر نەبێت و داوای پێشکەشکردنی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستیەکە بکات. نابێت ئەو کاتە لە پێنج رۆژی کارکردن کەمتر بێت. دەتوانرێت ئەو کاتانەی سەرەوە بە ڕێککەوتنی هاوبەشی لایەنەکانی گرێبەست درێژ بکرێنەوە.

ب. ئەگەر بیمەکراو پێشێلی ئەرکی بڕگەی چوار بکات و ئەم پێشێلکاریە بووە هۆی دەرئەنجامێک کە بەشدار بووە لە زیادکردنی مەترسی یان دروستکردنی مەترسی

نوێ، بیمەکار دەتوانێت قەرەبووکردنەوەکە کەم بکاتەوە لە سنوری ئەو زیانانەی توشی بیمەکراو بووە ئەمەش وەکو سزایەک کە سەرپێچی ئەرکی خۆی کردوە.

چوارەم: ماددەی ( ): پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی تایبەت بە یەکێک یان چەند ڕێگایەک لەمانەی خوارەوە دەبێت:

١. کۆمپانیای بیمەی تەندروستی تایبەت، لە ڕێگای نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستییە فەرمییەکانی خۆیەوە کە بۆ ئەو مەبەستە دامەزراون، خزمەتگوزارییەکانی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی پێشکەش بە بیمەکراو و سوودمەندان دەکات.

٢. کۆمپانیای بیمەی تەندروستی تایبەت هەڵدەستێت بە بەستنی گرێبەست لەگەڵ نەخۆشخانە و دامەزراوەی تەندروستی و پزیشکی تایبەت کە بەشێوەیەکی یاسای کاردەکەن لە هەرێم، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی گرتنەخۆی بیمەی تەندروستی بە بیمەکراو و سوودمەندان، بە مەرجێک گرێبەستەکە نابێت ئازادی پیشەیی نەخۆشخانە یان پزیشکەکە لە چوارچێوەی پراکتیکی کلینیکی پەسەندکراودا بۆ دیاریکردن و پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو، سنووردار بکات. کۆمپانیاکان هەڵدەستن بە پێدانی تێچوونە داراییەکان بەو نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستیانە یان پزیشکانە لە بەرامبەر هاوبەشیەکی ساڵانە یاخود مانگانە، بە پێی ئەو گرێبەستەی لە نێوانیان هەیە. ئەو نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستییە و پزیشکەی سەرپێچی بەندەکانی گرێبەست دەکات، پێویستە ئەو قەرەبوویە بدات کە لە گرێبەستەکەدا دیاری کراوە یاخود بیمەکار دەتوانێت گرێبەستەکە لەگەڵیان هەڵبوەشێنێتەوە لەو باروودۆخە جدیيانەی کە لە گرێبەستەکەدا دیاریکراون، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی یان تەکنیکی.

٣. کۆمپانیای بیمەی تەندروستی تایبەت هەڵدەستێت بە بەستنی گرێبەست لەگەڵ نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستییە حکومیەکان و بە هاوبەشی لە گەڵیان خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێشکەشی بیمەکراو و سوودمەندان دەکەن.

پێنجەم: ماددەی ( ): هەڵوەشاندەوەی گرێبەستی بیمەی تەندروستی تایبەت

١. پێویستە لەناو گرێبەستی بیمەی تەندروستی تایبەت ماوەی گرێبەستەکە و ئەو مەرجانەی کە دەبنە هۆی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە دیاری بکرێن.

٢. پێویستە مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بۆ هەموو ساڵێک لە گرێبەستی بیمەدا نووسرابێت. ماوەی کۆتاییهێنان لەو ڕێکەوتەوە دەست پێدەکات کە واژووی لەسەرکراوە.

٣. بیمەکراو مافی ئەوەی دەبێت لە کۆتایی ماوەی ساڵێکدا گرێبەستەکە هەڵبوەشێنێتەوە یاخود هەرکاتێک بیمەکراو مافی ئەوەی هەبێت داوای کۆتاییهێنان بکات، دەتوانێت ئەو کارە بکات، بەڵام لە هەردوو بارەکەدا پێویستە لە ڕێگای بەیاننامەیەکەوە بێت کە دەیدات بە نووسینگەی سەرەکی بیمەکار یان نوێنەری بیمەکار لە ناوچەکەدا، یان لە ڕێگای دادنووس یان بە هەر ئامرازێکی تر کە لە گرێبەستەکەدا هاتووە، لایەنی کەم دوو مانگ پێش هاتنی ڕێکەوتەکە. بیمەکاریش هەمان مافی دەبێت لەسەر هەمان مەرجەکان.

٤. ئەگەر بیمەکراو بە نیەتێکی خراپ فەرمانێکی شاردەوە یان بەیاننامەیەکی هەڵە پێشکەش کرد بە شێوەیەک کە گرنگی مەترسیە بیمەکراوەکە کەم بکاتەوە یان ببێتە هۆی گۆرانکاری لە بابەتی مەترسیەکە یان ئەگەر بە فێل بەڵێنەکەی پێشێل بکات، بیمەکار دەتوانێت داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکات و دەکرێت داوای ئەو قیستانەش بکات تا پێش ئەم داواکاریە.

٥. ئەگەر بیمەکراو پارەی بیمە یان قیستەکانی پارەی بیمەی لە وادەە دیاریکراوەکانی نەدات، دوای پێدانی ئاگاداری فەرمی بە بیمەکراو و تێپەڕبوونی سی ڕۆژ لەو ئاگادارکردنەوەیە یان هەر ماوەیەکی تر کە لە گرێبەستەکەیان ئاماژەی پێکراوە، بیمەکار مافی ئەوەی هەیە گرێبەستەکە هەڵبوەشێنێتەوە.


سەرچاوەکان:

اسماعیل سباح یوسف ( ١١/ ١٠/ ٢٠٢٢). چاوپێکەوتن، نوێنەری بەشی بیمەی تەندروستی، سەبارەت بە: چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان ، کۆمپانیای جیهان بۆ دلنیایی – لقی هەولێر.

باسم محمد صالح (١٤/٣/٢٠١٦). انتهاء عقد التأمين. < https://almerja.net/reading.php?i=1&ida=1958&id=973&idm=39580>. التاريخ الزيارة: ١٧/١١/٢٠٢٢.

بوغرارة نصيرة (٢٠١٧-٢٠١٨). النظام القانوني لعقد التأمين. ماجستير، جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم.

رجب أبوحمد أمين (٢٠٢٠). الأهمية المتزايدة للتأمين الصحي الشامل في ظل التحولات الاقتصادية المعاصرة بالتطبيق علي المملكة العربية السعودية، مجلة البحوث المالية و التجارية، ٢١ (العدد الثال-الجزء الأول) ،٢٢٩-٢٦١.

رواس حميدة ( ٢٠١٦). خصوصية عقد التأمين، ماجستير، جامعة مولود معمري – تيزي وزو.

زينب خليل هاشم الزبيدي (٢٠١٩). مدى امكانية تطبيق التأمين الصحي في جامعة ميسان. مجلة ميسان للدراسات الاكاديمي، العدد ٣٥، ٤٧٤- ٤٩٠.

عبدالهادي السيد محمدتقي لحكيم (بدون سنة نشر ). عقد التأمين حقيقته و مشروعيته – دراسة مقارنة. بدون جهة النشر ،منشورات الحلبي الحقوقية.

عدنان طه كرفوع (٢٠١٦). التأمين الصحي و دوره في تحقيق مبدأ التكافل الاجتماعي (دراسة حالة في جامعة ديالى). مجلة الفتح ،العدد الثامن و الستون، ٣٦٦- ٣٨١.

غيدق اسماعيل ناصر(٢٠١٥). استخدام التوزيعات الاحتمالية لدراسة التأمين الإلزامي السيارات في سورية. ماجستير، جامعة تشرين.

محمد حسام محمود لطفي ( ٢٠٠١). الأحكام العامة لعقد التأمين – دراسة مقارنة بين القانونين المصرى و الفرنسي.القاهرة: بدون جهة النشر.

محمد لمين مراكشي (٢٠١٣). ترقية خدمات الصحي في الجزائر.مجلة الاقتصادية الجديد، ٨(١)، ٢٦٥-٢٨٢.

محمدي سامية ( ٢٠١٦-٢٠١٧). النظام القانوني لعقد التأمي، ماجستير، جامعة

زيان عاشور- الجلفة.
مصطفى محمد الجمال (٢٠٠١). التأمين الخاص– وفقا لأحكام القانون المدني الصري، مصر: الفتح للطابعة و النشر.
ميادة رشيد كامل (٢٠١٦) الاستثمار في شركات التأمين و أثره على التنمية الاقتصادية في العراق (دراسة ميدانية في شركتي التأمني الوطنية والعراقية للمدة ٢٠١٤-٢٠١١). مجلة الاقتصادي الخليجي، العدد ٢٩، ٨٥- ١٣٥.
نضال حماد علي حماد و أحمد سليمان أحمد عبدالله (٢٠٢١). تقييم جودة خدمات التأمين الصحي في السودان دراسة حالة التأمين الصحي-ولاية النيل الأبيض– ٢٠١٩م. مجلة الدراسات الأقتصادية و العلوم الإدارية، ١(١)، ٢١- ٥٢.
ئیڤان عبدالله ابراهیم(٢٠٢٢/١٠/١١). چاوپێکەوتن، پسپۆری بواری بیمە لە کۆمپانیای ئاسیا بۆ دڵنیای ، سەبارەت بە: چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان و چۆنیەتی ڕێککەوتنی کۆمپانیا لەگەڵ دامەزراوە تەندروستیەکان، کۆمپانیای ئاسیا بۆ دلنیایی – لقی هەولێر.
سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی
J Anita (2008). Emerging Health Insurance in India: An Overview' 10th Global Conference of Actuaries < https://www.nascollege.org/e%20cotent%2010-4-20/ms%20deepika%20srivastav/deepikaSICKNESS%20INSURANCE%201%20LL%20M%20IV%20SEM%2011-4.pdf > accessed 11/6/2022.
Health Care.gov (N.D), Health Insurance < https://www.healthcare.gov/glossary/health-insurance/ > Accessed 11/6/2202.
C F I Team (2022,28 December). Insurance Coverage: The Amount that is Protected by Insurance < https://corporatefinanceinstitute.com/resources/wealth-management/insurance-coverage/ > accessed: 17 October2022.

یاساکان
قانون المدني العراقي رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١.
القانون رقم (١٧,٩٩) لسنة ٢٠٠٢ المتعلق بمدونة التأمينات في المغرب (المعدل).
قانون رقم (٢٤) لسنة ١٩٩٢ مؤرخ في ٩مارس ١٩٩٢ يتعلق بإصدار مجلة التأمين في التونس.
قانون الضمان الصحي البحرين رقم(٢٣) لسنة ٢٠١٨
The Insurance Code of French of 1976, last amendment 2023 ( in French) .
The Australian Private Health Insurance Act No (31) of 2007.
The Pennsylvania Insurance Company Law No (284) of 1921, last amendment 2022.

Abstract

Legal Regulation of Private Health Insurance in the Kurdistan Region

With the rising of the sun of life on earth, people have always tried to protect their lives because in daily life they face many dangers and often these dangers face health problems, Therefore, as a solution, the idea of health insurance emerged with the development of society and legal field, and many developed countries have made legal regulations for health insurance and have paid great attention to it. The Iraqi Civil Code No. 40 of 1951 in force in the Kurdistan Region generally regulates insurance and several types of insurance. However, there is currently a legal gap in the Kurdistan Region regarding the issue of private health insurance, and there is no specific law on this issue as well as it has not been mentioned in any text of the law, therefore, in the absence of a special law, the process of private health insurance faces a number obstacles, because it has an important reflection on human life; psychologically, it reduces the anxiety of individuals that they can not treat their diseases properly and at a lower cost, because rising healthcare costs, particularly in private hospitals and clinics, have caused a burden on citizens that cannot treat their diseases in suitable and advanced health places. This research, based on analytical and comparative methods, concludes that there is a legal gap regarding the regulation of private health insurance processes and contracts, the duties and rights of the contract parties, providing health services, coverage of health insurance, and the termination of the health insurance contract. Finally, a number of proposals have been made to regulate the private health insurance process.